گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/zq5bpr54
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٦/١٤
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٠٨/١٤
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

---

# ڕۆڵی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان

دەریا عبدالوهاب لطیف١ - ئاکۆ اسماعیل قادر٢ - کۆسرەت طه محمد ٣
Kosrat.taha@spu.edu.iq akoesmaeltv@gmail.com daria.latif@spu.edu.iq
[١+٣] تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢] زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زانینی ڕۆڵی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی ڕوپێویکردنی بەکارهێناوە بۆ دەستکەوتنی داتاکان و شیکردنەوەیان بە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە (نوسەرانی کورد لە بواری سیاسیدا) وەك نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون. گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی کەناڵی عێراقیە لە دروستکردنی ڕای گشتی سەبارەت بەو ڕوداوانەی لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدەن کە تاکو چ ڕادەیەك ڕای گشتی وروژاندوە لەسەر پرس و ڕوداوە هەنوکەییەکان، لە دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران پێیگەیشتون بریتین لە: کەناڵی عێراقیەی کوردی لە ڕێگەی پرۆگرامە هەواڵییەکانییەوە بە ڕێژەیەکی کەم گرنگی داوە بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە نەبوتە کەناڵێکی کاریگەر لە دروستکردنی ڕای گشتی. لەگەڵ ئەوەی کەناڵی عێراقیەی کوردی کەناڵێکی کوردییە بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم گرنگی داوە بە ڕوداوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کە دەکرا زیاتر گرنگی بدات بەو ڕوداو بابەتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیانەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێن.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، بەرنامە هەواڵییەکان، ڕای گشتی، هەرێمی کوردستان، ڕوداوی سیاسی

# The Role of The News Program on Iraqia Kurdish Channel in Shaping Public Opinion on Events in The Kurdistan Region

**Daria Abdulwahab Latif [1] - Ako Esmail Qadr[2] - Kosrat Taha M. Shari [3]**
[1+3] Technical media, Sulaimani Technical Institute, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
[2]University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract
On development of public opinions on the accidents that happen in Kurdistan region, The study relied on the descriptive approach, using the newspaper survey tool to collect and analyze it by survey form, The population of the research incudes:( Kurdish writers in politics field) are taken as a sample for the research. The most important goal of the research is knowing the role of Iraqi channel on development of public opinions about the accidents and events that happen in Kurdistan region and to which extent they provoked public opinions on the recent subjects and accidents. the most important outcomes that the researchers achieved include:

Kurdish Iraqi channel did not give much attention to the events and accidents of Kurdistan region and hence could not become an effective channel on development of public opinions. Even though Kurdish Iraqi channel is a Kurdish channel, but it cared very little about the different accidents and events that happened in Kurdistan region, when in fact it could actually give more attention and importance to the political, economical, social and health events and that happen inside Kurdistan region.

**Keywords:** Role, News Programs, Public Opinion, Kurdistan Region, Political Events.

## پێشەکی:

مرۆڤایەتی ئەمرۆ لە چەرخێکدا دەژێت،کە میدیا گشت سنورەکانی بەزاندوە و بە هۆی تەکنەلۆژییای پێشکەوتوی سەردەمەوە ڕێگا دورەکانی کورتکردۆتەوە، کە لە دورترین شوێنەوە بە خێراترین شێوە هەواڵ و زانیاری بۆ خەڵك دەگوازێتەوە، هەمو چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوی و ڕۆشنبیری و سەربازییەکان لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەگەن بە خەڵك، میدیا کاریگەری بەرچاوی لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵ و لەسەر بیروبۆچونی ڕای گشتی و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی هەیە، بۆیە زۆر گەل و نەتەوە و سەرکردەوە و دەسەڵاتە سیاسییەکان توانیویانە بە سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێی ڕاگەیاندن و بەرنامە و هەواڵەکانی کەناڵەکان ڕای گشتی پێکبهێنن و بیروبۆچونی تاك و ئاڕاستەکانی بۆ خۆیان بقۆزنەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە میدیاو و ڕای گشتی دو بابەتی گرنگی سەردەمیە، و هەریەکەیان ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆی دەبینێت، هەرچی ڕاگەیاندنە بۆتە پێداویستییەکی ژیانی ڕۆژانەمان کە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە دەتوانین هەواڵ و زانیاریەکان بەدەستبهێنین و ڕای گشتی بەتایبەت لە وڵاتە دیموکراسیەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە بڕیاری سیاسی و داڕشتنی سیاسەتی وڵات، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کۆمەڵگەکان تا زیاتر بەرەو پێش بڕۆن، زیاتر پێویستییان بە وەرگرتنی زانیاری هەیە لەسەر ڕوداوەکانی دەوروبەریان ئەمەش یانی بەردەوام مانەوە و گرنگی هەواڵ و ڕوداوە سیاسیەکانە. توێژەران دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم توێژینەوەوە کاریگەری پرۆگرامە هەواڵییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ڕوداوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان شیبکەینەوەو و دەرئەنجامەکانی بخەینەڕو.

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لەمیتۆدی توێژینەوە، لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکەش خۆی دەبینێتەوە لە دو باسی سەرەکی خستنەڕوی چەند بابەتێکی گرنگ سەبارەت بە بەرنامە هەواڵییەکان و ڕای گشتی، پاشان لایەنی مەیدانی

توێژینەوەکە وخستنەڕوی دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە و، پیشاندانی داتاو زانیارییەکان، کە بە شێوەی خشتە و ڕێژەکان خراونەتەڕو. دواتر خستنەڕوی دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە  بریتییە لە ڕۆڵی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان کە لە چ ئاستێکدایە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ گەیشتن بە ئەنجام و دەرئەنجامێکی زانستی و چارەسەرکردنی کێشەکە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە:

١-تا چ ڕادەیەك بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی ڕۆڵی  هەیە لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان؟

٢-تا چ ڕادەیەك کەناڵی عێراقیە گرنگی داوە بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان؟

٣-ئایا بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی  کاریگەریی دروستکردوە؟

٤-تا چ ڕادەیەک گرنگیدانی کەناڵی عێراقیە بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی دروستبونی ڕای گشتی لەشارە جیاوازەکاندا؟

٥-  ئایا بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی ڕۆڵی هەیە لە پرس و بابەتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان یەکریزی حیزبەکاندا؟

### دوەم: گرنگی  توێژینەوە

١-گرنگی زانستی: توێژینەوەکە بەزمانی کوردییە و دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ کتێبخانەی کوردی و ناوەندەکانی توێژینەوە ئەکادیمییەکان لە بواری میدیا و پەروەردەدا، هەروەها دەرفەت بۆ توێژەرانی دیکە دەڕەخسێنێت، سود لە پرۆگرام و ڕێکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە.

٢-گرنگی پراکتیکی: هەوڵێکە بۆ ناساندن و دەرخستنی ڕای  جەماوەرو دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری بەرنامەی هەواڵی تەلەفزیۆنی لە دروستکردنی ڕای گشتیدا، دیاریکردنی کەموکورتییەکانی لەو بوارەدا هەن، لەڕێگەی وەرگرتینی ڕاوبۆچونی نوسەرانی بواری سیاسی، هەروەها خستنەڕوی پێشنیازی گونجاو  بۆ کەناڵەکان سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن و گونجاندنی پرۆگرامەکانیان لەگەڵ ڕوداوە سیاسییەکان.

### سێهەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەند ئامانجێك بپێکێت:

١- زانینی ڕۆڵی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی  لە دروستکردنی ڕایگشتیدا لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان.
٢- زانینی ڕادەی گرنگی کەناڵی عێراقیەی کوردی بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوماڵکردنی ڕوداوەکان و پەخشکردنی هەواڵەکانیدا بەپێی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.
٣- زانینی ڕادەی  ئەوکاریگەرییەی  بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی  دروستی دەکات.
٤- پیشاندانی ڕادەی گرنگیدانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی دروستبونی ڕای گشتی لە شارە جیاوازەکاندا.
٥-  دەرخستنی ڕۆڵی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لە ڕوی پرس و بابەتە سیاسییەکان و یەکریزی حیزبەکانی هەرێمی کوردستاندا.

## چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە، کە شێوازی (ڕوپێوی)ی تێدا پەیڕەودەکرێت بە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی، بەوپێیەی هەوڵێکی زانستی ڕێکخراوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو داتا و زانیاریانەی کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە دەیخوازێت، بۆتە جێگەی متمانەی زۆرێك لە توێژەرانی ئەم بوارە، ئەم جۆرە بە ڕێبازێکی گونجاو و کارا دادەنرێت لای زۆربەی توێژەران.

## پێنجەم: کۆمەڵگاو سامپلی توێژینەکە

ا- دیاری کردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە، بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی.

ب- دیاری کردنی سامپلی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا نوسەرانی بواری سیاسی لە هەرێمی کوردستان وەك سامپڵی توێژینەوە وەرگیراوە لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە)کە ژمارەیان (٦١) نوسەرە. کە بە شێوەی سامپڵی مەبەستدار توێژەران ژمارەیەك لە نوسەران فۆڕمی ڕاپرسییان بەسەردا دابەشکراوە و ڕاوبۆچونیان وەرگیراوە، لێرەدا (٨٠) فۆرم دابەشکراوە دواتر لە کۆی (٨٠) فۆڕمی دابەش کراو (٦٩) فۆڕمی بۆ گەڕاوەتەوە، هەروەها (٨) فۆرم لەبەر نەبونی مەرجی زانستی تیایاندا دورخراونەتەوە، بەو جۆرە (٦١) فۆڕمی ڕاپرسی دروست ماوەتەوە.

## شەشەم: سنوری توێژینەوە

أ- سنوری مرۆیی: نوسەرانی بواری سیاسی لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە)ی هەرێمی کوردستان.

ب- سنوری بابەتی: بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی و ڕۆڵی لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان.

ت- سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە).

ث- سنوری کات: ٢٠٢٥/٦/١٧ - ٢٠٢٥/ ٧/٢٥

## حەوتەم: ئامرازەکانی توێژینەوە

توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەیان پشتیان بەستوە بە فۆڕمی ڕاپرسی،کە یەکێکە لە ئامرازە زانستییەکان کە توێژەران پشتی پێدەبەستن لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی بۆ گەیشتن بە ئەنجامی دروست و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر سامپڵی توێژینەوەکەی.

## هەشتەم: ئاستی ڕاستی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ گەیشتن بە پێوەری ڕاستی پشتی بە (٣) پسپۆری ئەکادیمی بواری ڕاگەیاندن بەستوە[1]، دوای هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسی لەلایەن پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ئامارییی، دەرکەوت بەڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (٨٧،٥٪). کە ئەم ڕێژانەش ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢)

## نۆیەم: ئاستی جێگیری توێژینەوەکە:

جێگیری، بریتییە لە پشت بەستن بە ئامرازی پێوانەکردن و توانای دوبارە بەکارهێنانەوە.(عبدە، عزیزە، ٢٠٠٤،١٩٥)، توێژەر (الاتساق عبر الزمن) بەکارهێناوە واتا دوای تێپەڕبونی ماوەیەك بەسەر تاقیکردنەوەکەدا دوبارە تاقیکردنەوەکە ئەنجام ئەداتەوە. بە بەکارهێنانی کاتی دیاریکراو بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێگیری ڕاپرسییەکە لەم توێژینەوەیەدا.ئەم شێوەیەش پێیدەوترێت (test/ Re test) واتە تاقیکردنەوە و دوبارە تاقیکردنەوە، کە (٥) فۆڕمی

بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا دابەشکردوە، دواتر لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا لە دوای دابەشکردنی یەکەم (٥)فۆرمی ڕاپرسی دوبارە دابەشکراونەتەوە بەسەر هەمان سامپڵی توێژینەوەکەدا ئەمەش بە واتای لە (١٠٪) کۆی سامپڵی وەرگیراوە، بە بەهای جێگیری (٩٢٪) بوە، ئەمەش ڕێژەیەکی باشە لە ڕوی زانستییەوە، بەم جۆرەش ئامرازەکە ئاماژەدارە بۆ جێبەجێکردن لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە.

## دەیەم: توێژینەوەکانی پێشو

**1 -** توێژینەوەی (فیاض، علی عباس: ٢٠٢٢) بە ناونیشانی: (دور القنوات الفضائية الاخبارية في تشكيل اتجاهات الرأي العام العراقي نحو قضايا الصراع) نامەیەکی دکتۆرایە لە زانکۆی القاهرة /كلية الاعلام-قسم الإذاعة و التلفزيون) لە قاهیرە ئەنجامدراوە، لە گۆڤاری (اتحاد الجامعات العربية لبحوث الاعلام وتكنولوجيا الاتصال) لە ژمارە (٩) بەرگی یەکەمی لاپەڕەی (٤٠٥- ٤٢٩) لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەی هەرەمەکی چینایەتی خەڵکی عێراق لەسەر هەرسێ پارێزگای (بەغداد - ئەنبار - زیقار)کە ژمارەی سامپڵەکەی (٤٢٧) کەس بون لە هەردو ڕەگەز، میتۆدی وەسفی جۆری ڕوپێوی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، لە گرنگترین ئامانجەکانی زانینی کاریگەری کەناڵە هەواڵییەکان لە چۆنێتی مامەڵەکردنی کێشەو ململانێکانی عێراق و هەڵویستی بینەرانی عێراقی، و دیاریکردنی هەڵویستی خەڵك بەرامبەر بڵاوکردنەوە و ڕوماڵکردنی ئەو کێشە و ڕوداوانە لە کەناڵەکانەوە. توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا گەیشتوە بە:

أ- بە شێوەیەکی بەرچاو بەرتوێژان هەڵوێستییان هەیە بەرامبەر ئەو هەواڵ و ڕوداوانەی لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە سەبارەت بە ڕوداوەکانی عێراق بە تایبەت شەڕی داعش و تیرۆر و قەیران و ململانێی ئەمەریکا و ئێران.

ب- سەرجەم چین و توێژەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بەرکەوتنیان هەیە بۆ کەناڵە هەواڵییە ئاسمانییەکان و بینەری هەواڵەکانن.

**٢-** توێژینەوەی (��� السلام، يوبي: ٢٠٢٢) بە ناونیشانی: (الاخبار الزائفة و تأثيرها في تشكيل الرأي العام لدى طلبة الجامعة-طلبة جامعة أدرار-أنموذجا) ماستەرنامەیەکە لە زانکۆی أحمد دراية- أدرار/ كلية العلوم الإلنسانية و الاجتماعية والعلوم الاسلامية /قسم العلوم الانسانية ئەنجامدراوە، کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی (أمحد دراية بأدرار)، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگیراوە، ژمارەی سامپڵەکەی (٥٣) خوێندکارن لە هەردو ڕەگەز. بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی میتۆدی وەسفی جۆری ڕوپێوی بەکارهێناوە، لە دیارترین ئامانجەکانی، بریتییە لە زانینی کاریگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا. هەروەها دۆزینەوەی ڕادەی ئەو کاریگەریانەی کە کێشە و ڕوداوەکان دروستیدەکەن و ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی ڕای گشتی خوێندکاراندا.، پاشان بەم دەرئەنجامانە گەیشتوە:

آ- زۆربەی خوێندکاران بە دواداچون بۆ ڕاستی هەواڵەکان دەکەن، بەڵام هەندێکی کەمیان دوای هەواڵی ناراست دەکەون و کاریگەری دەبێت لەسەریان لەسەر گۆڕینی ڕایان.

ب-هەواڵی ناراست کاریگەری نەرێنی گەورەی هەیە لە ئاراستەکردن و چەواشەکردنی ڕای گشتی. هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنی نییە لەسەر بەتوێژان.

**٣-** توێژینەوەی (زودة، مبارك: ٢٠١٢) بە ناونیشانی: (دور الإعلام الاجتماعي في صناعة الرأي العام الثورة التونسية أنموذجا) ماستەرنامەیەکە لە زانکۆی الحاج لخضر- باتنە- كلية العلوم الانسانية –قسم علوم الاعلام والاتصال ئەنجامدراوە، کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی تونسە، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگیراوە، ژمارەی سامپڵەکەی (٣٢٠) خوێندکارن لە هەردو ڕەگەز. بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی میتۆدی وەسفی جۆری ڕوپێوی

بەكارهێناوە، لە دیارترین ئامانجەكانی، بریتییە لە زانینی كاریگەری سۆسیاڵ میدیا لەسەر جەماوەر لە دروستكردنی ڕای گشتی سەبارەت بە شۆڕشی تونس، پاشان بەم دەرئەنجامانە گەیشتوە:

ا - تۆرە كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە لە ئاراستەكردن و داڕشتنی ڕای گشتی تونسی. بۆ خزمەتی بەرژەوەندی شۆڕشی تونسی و سەركەوتنی شۆڕشەكە.

**ب-** گەنجان بەشێوەیەكی بەرچاو سۆشیال میدیایان بەكارهێناوە وچالاكییەكانی خۆیان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بڵاوكردۆتەوە لە كاتی شۆڕشی تونسدا.

## یانزەهەم: سود وەرگرتن لە توێژینەوەكانی پێشو

توێژەران توانیویانە لەڕوی جۆر و میتۆدی توێژینەوەكە، چۆنییەتی داڕشتنی لایەنی تیۆریی توێژینەوەكە و گەڕان بەدوای سەرچاوە زانستییەكانیدا سود لە توێژینەوەكانی پێشو وەربگرن، لە هەمانكاتدا لە دروستكردن و دانانی ئامرازی توێژینەوەكەوە سودمەند بون.

لەپاش ئەنجامدانی ڕێكاری زانستی توێژینەوەكە گەیشتینە ئەوەی: توێژینەوەكە لەڕوی جۆری میتۆد و ئامرازی بەكارهێنراو و گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەكانی پێشودا، بەڵام كۆمەڵگا و سامپڵ و سنوری توێژینەوەی ئێستا، لەگەڵ ئامرازە ئامارییە بەكارهاتوەكانیدا جیاوازە لە توێژینەوەكانی پێشو.

## دوانزەیەم: دیاریكردنی چەمكەكان:

**ڕۆڵ:** پەیوەندیدار نییە بە بوارێكی دیاریكراو بەڵكو لەسەرجەم بوارەكاندا بونی هەیە و كاریگەریی دروست دەكات بۆ دیاریكردنی ئەنجامێكی تایبەت بەو پەیوەندییە دیاریكراوەی كە هەیەتی.

**بەرنامەی هەواڵی:** بریتییە لەو بەرنامە هەواڵییانەی كە تایبەتن بە هەواڵە سیاسی و ئابوری و هونەری و وەرزشی و هتد. ئەوەی لێرەدا پێویستە بەرنامەی هەواڵی سیاسییە.

**كەناڵی تەلەفزیۆنی:** بریتییە لەو كەناڵەی لە ڕێگەی پەخشی. مانگی دەستكردەوە بابەتەكانی لە ڕێگەی وێنە و دەنگەوە دەگەیەنێت بە بینەرانی.

**ڕای گشتی:** بەرهەمی پرۆسەیەكی كارلێكەری لە نێوان خەڵك بە شێوەی گروپ، بەرامبەر بابەتێكی دیاریكراو كە جێگەی مشتومڕیانە.

**هەرێمی كوردستان:** ناوچەیەكی جوگرافییە و وەک هەرێمێكی سەربەخۆیە لە باكوری عێراق.

# بەشی دوەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەكە

## باسی یەكەم: بەرنامە هەواڵییەكان

### یەكەم: بەرنامەی تەلەفزیۆنی:

" بەرنامەكانی تەلەفزیۆن: بریتین لەو بەرنامانەی كەوا لەسەر بابەتێكی دیایكراو یان چەند بابەتێكی دیاریكراو، دروست دەبن، ئاڕاستەی جەماوەرێكی گشتی یان جەماوەرێكی تایبەت دەكرێن. كاتێك پەنا بۆ دروستكردنی بەرنامەیەك یان بابەتی بەرنامەیەك دەبردرێت، كە زانیارییەكان لە ڕێگەی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ، بەتەنها نەتوانن وەرگر تێربكەن. یاخود هەندێك زانیاری تەنها لە ڕێگەی بەرنامەكانەوە دەتواندرێت ئاڕاستەی وەرگر بكرێن. **(جلال، ٢٠١٨: ٦٤).**

" بەرنامەی تەلەفزیۆنی، بەهەمو جۆرەكانییەوە، لە هەر كوێیەكی جیهاندابێ، پێویستە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك و ستراتیژێكی مرۆیی بدات، ئەویش بڵاوكردنەوەی بەها مرۆییە جوانەكان و لە ویژدانی بینەراندا قوڵی بكاتەوە، بەبێ ڕەچاوكردنی ڕەنگ، یان ڕەگەز یان زمان، یان بیروباوەڕ. لە بەرنامەكاندا نابێ دژایەتی خۆپەرستی و تاك پەرستی و

خۆسەپاندن و دەسەڵاتخوازی و خراپەکاری و توندوتیژی و ڕق لێبونەوە بکرێت. هانی یەکێتیە کۆمەڵایەتیەکان و داهێنان بدرێ، واتاکانی ئازادی و دیموکراتی قوڵبکرێنەوە." زۆربەی کات، بەرنامەکان بۆ چینێك یان توێژێکی تایبەتە، واتا بەرنامەکان تایبەتمەندن، بەڵام بەرنامە گشتیەکان بەهەمان پێوەر گرنگن لە ڕوبەڕوبونەوەیان لەگەڵ وەرگردا.

-بەرپرسی بەرنامەکان، بیرۆکەی بەرنامە دەدات بە ئامادەکار، بەڵام ئامادەکار زۆر جار خۆی بیرۆکەی بەرنامەیەك بەرهەم دێنێت.**(الحسيني، ٢٠٠٥: ٩٧)**.

-بەرپرسی بەرنامەکان یان ئامادەکار هەمیشە هەوڵی دروستکردنی بەرنامەی نوێ و جۆراوجۆر دەدەن.

-ئامادەکاری بەرنامە، پێویستە زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەڕێگەی بەرنامەکەوە ئاڕاستەی خەڵکی دەکات."

بەرنامەکانی تەلەفزیۆن چیین؟

" بیرۆکەیەك، یان چەند بیرۆکەیەك لە چوارچێوەی قاڵبێکی دیاریکراوی کاری تەلەفزیۆندا دادەڕێژرێت، بە بەکارهێنانی وێنە و دەنگ، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیایکراو.

*بەرنامە هەواڵییەکان پێکدێت لە:

- بەرنامەی دیالۆگ ئامێز.
-بەرنامەی تایبەت بە کاروباری ڕۆژ.
-بەرنامەی بەڵگە نامەیی.
-هەواڵنامە (گەشتی هەواڵەکان).
-هەواڵە تایبەتمەندەکان.
-کورتە و ناونیشانەکان.
-شریتی هەواڵەکان.
-ڕاپۆرتی پەیامنێران." **(الجميلی، العانی، ٢٠١٢: ٢٦٤)**.

## دوەم: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی بەرنامە:

### ١-بیرۆکە:

دیاریکردنی بیرۆکە یان ئەو کۆمەڵە بیرۆکەیەی کە بە کۆ هەوڵی دروستکردنی بەرنامەیەکی تەواو دەدەن بە بەشێکی زۆر گرنگ دەژمێردرێت لەئامادەکردنی بەرنامەدا، بیرۆکە ئەو تروسکەیە یە کە ڕێگەی ئامادەکار ڕۆشندەکاتەوە، هەروەها بە بنەمای تێگەیشتن بە شێوەیەکی ورد لە بەرنامەکە دادەنرێت و بە ڕێخۆشکەری جێبەجێکردنی دەژمێردێت. هەڵبژاردنی بیرۆکەی هەر بەرنامەیەك بەپێی پێویستی وێستگەکە دەبێت لەم کاتەشدا بەرپرسی بەشی بەرنامەکان ئەو ئەرکە بە یەکێك لە ئامادەکارانی بەشەکەی دەسپێرێ لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکەیەی کەپێشتر دانراوە، یان بیرۆکەی بەرنامەکە لە لایەن خودی ئامادەکارەوە پێشنیاز دەکرێت دیارە ئامادەکارانی بەشی بەرنامەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەنجامدان و دۆزینەوەی بیرۆکەی بەرنامەی نوێ و جۆراو جۆرن.**(حەمیدی، ٢٠١٠: ١٤٤)**.

### ٢- دیاریکردنی کاتی بەرنامە:

پێویستە کاتی دیاریکراو بۆ بەرنامەکە دیاری بکەین، ئەم کارە ڕۆڵ دەبینێ لە دیاریکردنی شێوازی چارەسەرکردنی بابەتە پێشنیازکراوەکان لە هەمان کاتدا ڕۆڵ دەبینێ لە دیاریکردنی بابەتەکانی بەرنامەکە، هەنگاوی کات دیاریکردن ئەرکی ئامادەکار سوك دەکات و بە هۆیەوە ئامادەکار دەتوانێ کاتی هەر گۆشەیەك لە گۆشەکانی بەرنامەکە دیاریبکات. بێگومان دیاریکردنی کاتەکان بەندە بە گرنگی و سروشتی ئەو گۆشەیە بۆ وێستگەکە کە بەرنامەکەی لێوە پەخش

دەکرێت، لێرە دەکرێت ئامادەکار بە گۆشە و تەوەرەکانی بەرنامەکانی بچێتەوە و دور نییە یەکێکیان بسڕێتەوە تا بتوانێ بە باشی تەوەرەکانی دیکەی بەرنامەکە چارەسەر بکات، بەو پێیەی دەکرێت لە هەر ئەڵقەیەك لە زنجیرەی بەرنامەکاندا جەخت بکرێتە سەر گۆشەیەك یان بابەتێك و ماوەیەکی زۆرتری بۆ تەرخان بکات. **(شلبی، ٢٠١٠: ١٥٥)**.

**٣-کۆکردنەوەی زانیاری:**

ئەم قۆناغە دوای گەڵاڵەکردنی بیرۆکە وجێگیر کردنی ئامانجەکانی دەستپێدەکات و تا قۆناغی جێبەجێکردن درێژە دەکێشێت، لەم هەنگاوەدا ئامادەکار هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتەکانی بەرنامەکە بە تایبەتی ئەو برگانەی کە پێویستی بە ماندوبون هەیە لەلایەن ئامادەکارەوە بۆ نمونە دەکرێت برگەکە پێویستی بە دیکۆمێنتێکی نوسراو بێ یان تۆمارکراو یان ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە ئامادەکار پێویستی بە زانیارییەکانیان دەبێ بۆ دواندنی ئەو کەسایەتییەی میوانداریی دەکرێت لە برگەیەکی بەرنامەکە.

زانیارییەکان ئامادەکاری بەرنامە کۆی دەکاتەوە لە رێگەی گەڕان و پشکنینی کتێبخانەکان و سەرچاوە و کتێبە گشتی و تایبەتمەندەکان، هەروەها دەتوانێ زانیاری لە رێگەی کەسە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی باسەکەوە، کۆبکاتەوە جگە لەمانەش ئامادەکار پشت بە شارەزایی و رۆشنبیری و زانیارییە گشتییەکانی دەبەستێ. کۆکردنەوەی زانیاری کارێکی گرنگە و دواجار دەبێتە هۆکاری ئەنجامدانی بەرنامەیەکی سەرکەوتو و مامەڵەکردنی ئامادەکار لەگەڵ لایەنەکانی بەرنامە ئاسان دەکات و رەنگدانەوەی پۆزەتیڤانەی دەبێت لەسەر شێوازی پێشکەش کردنی بەرنامەکە. **(حەمیدی، ٢٠١٠: ١٥٠)**.

**٤-ڕێکخستن (تەنسیق):**

لەم هەنگاوەدا، ئامادەکار کاردەکات بۆ رێکخستنی کاتەکانی سەرجەم لایەنە باشدارەکان لە بەرنامەکە ودیاریکردن و دەستنیشانکردنی کاتە گونجاوەکان بۆ هەردو لا مەبەست (میوانی بانگێشت کراو و ئامادەکار یان پێشکەشکاری بەرنامە). مەبەستمان لە تەنسیق، کارکردنە بۆ رێکخستنی تۆمارە پێویستەکان، هەروەها ئامادەکردنی ستۆدیۆ و ئەرشیف و مۆسیقا و دەنگ و هەروەها دیاری کردنی کاتی تۆمارکردن (ئەگەر بەرنامەکە راستەوخۆ نەبو). **(شلبی، ٢٠١٠:٢٧٣)**.

**٥-دارشتن:**

بەرلەوەی برگەکانی بەرنامە دابرێژرێتەوە، پێویستە ئامادەکار ئەم دو پرسە ئاراستەی خۆی بکات: دەربارەی چی دەنوسم؟ بۆ کێ دەنوسم؟ ئەگەر توانی وەڵامی بداتەوە دەتوانێ بە باشی بەرنامەکە دابرێژێت، خۆ ئەگەر درکی بە سروشتی بەرنامەکەی کرد و جیاکاری لە نێوان بەرنامەی رۆشنبیری و وەرزشی و ئاینی کرد ئەوە دەتوانێ دەستەواژە و گوزارشتی لەبار و گونجاو بەکاربهێنێ بۆ هەریەك لەو بوارانەی کە بەرنامەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت. **(جراد، ٢٠١٨: ١٧١)**.

## سێیەم: جۆرەکانی بەرنامە هەواڵییەکان:

**یەکەم**: دەتوانین بەرنامەکان پۆلێن بکەین بەپێی ناوەرۆك بەم شێوەی خوارەوە:

أ - بەرنامەی رۆشنبیری و پەروەردەیی.
ب - بەرنامەی کۆمەڵایەتی.
ت - بەرنامەی ئابوری (گەشەپێدان).
ث - بەرنامەی ئایینی.
ج - بەرنامەی وەرزشی.
ح - بەرنامەی سوك و هەمەرەنگەکان.
خ - بەرنامەی سیاسی. **(حمیدی، ٢٠١٠: ١٧٥-١٧٨)**.

*** بەرنامەی ڕاگەیاندنی هەواڵ:**

بڵاوکراوەی هەواڵە و بەرنامە سیاسی و ڕاپۆرتە هەواڵییە وێنە دارەکان یان بیستراوەکان و خستنەڕوی باری سەرنج و شیکاری هەواڵەکان و دیمانە و هەواڵەکانی دارایی و ئابوری و وەرزشی و چەندان بواریتر دەگرێتەوە.**(شنب،سعد،٢٠١٦: ٦٩)**.

***بەرنامە هەواڵییە سیاسییەکان:**

"بەرنامەی سیاسی وەك هەر بەرنامەیەکی تایبەتمەند پێویستی بە ئامادەکارێکی تایبەتمەندە کە تاڕادەیەکی باش وشیارییەکی سیاسی هەبێ و بە ئاگا بێ لەو گۆڕان و پێشهاتە سیاسییانەی ڕودەدەن و پێویستە توانای پێکەوە گرێدانی ڕوداوەکانی هەبێ.

دیارە بەرنامەی هەواڵی تاکە مۆدێل یان ستایلی بەرنامەی سیاسی نییە، بەڵکو لە بەرنامەی سیاسی دەکرێت جەخت بکرێتە سەر تاکە بابەتێك و بە وردی و لە سەرجەم گۆشە و سۆنگەکانەوە تاوتوێ بکرێت بە بەشداری بەرپرسان و سیاسەتدارەکان و پسپۆڕان لە ڕێگەی دیمانە و سیمینار و گفتوگۆوە کە لە چوارچێوەی ئیستۆدیۆدا ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە بەرنامانەش ناو و ناونیشانی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن لە وێستگە جۆراوجۆرەکان، بۆ نمونە ئەمانە ناوگەلێکن کە بەرنامە سیاسیەکانی پێ دەناسرێ (کێشەی هەفتە)، (سیمیناری هەفتە)، (دیمانە)، (زۆرتر لە ڕایەك)، (تەوەر و گفتوگۆ)، (ئاڕاستەی پێچەوانە)، (ڕوبەڕو)، (دۆسێی سیاسی). **(جراد، ٢٠٢٠: ٧٩)**.

**دوەم: جۆرەکانی بەرنامەی هەواڵی بەپێی شێوەی ئامادەکردنی ئەم جۆرانە لەخۆدەگرێت:**

١-**لێدوانی ڕاستەوخۆ:** سادەترین جۆری بەرنامەیە، کەسێك پێشکەشی دەکات، کە زۆربەی جار ئامادەکار خۆیەتی، وتەکانی لە شاشەوە یان لە ستۆدیۆوە ئاڕاستەی جەماوەر دەکات، تێچونی ئەم جۆرە بەرنامەە زۆر نییە، لە هەمانکاتیشدا زۆرجار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە چارەسەرکردنی گەلێك پرسدا. زۆربەی جاریش ماوەکەی لە نێوان (٥-١٥خولەك)دایە.

**٢- بەرنامەی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ:**

ئەو بەرنامەیە، کە وتوێژی نێوان دو کەس بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەخاتە ڕو.**(جرجس،٢٠١٩: ٥١)**.

**٣-گۆڤاری تەلەفزیۆن:**

ئەم شێوازە لە بەرنامە، بە شێوەی خول پێشکەش دەکرێت، لە بڕگەی هەمەڕەنگ پێکدێت لە شێوە و ناوەڕۆکەوە، بەجۆرێك پێشکەش دەکرێت کە سەرنجی بینەر ڕابکێشێت و نەرمی لە گواستنەوەی بڕگەیەك بۆ یەکێکی تر هەبێت. بابەتەکانی ئەم جۆرە بەرنامەیە بریتیدەبن لە: وتوێژی کورت و ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی و هەواڵی کورت.**(عبدالرحمان، ٢٠١٣: ١٢٢)**.

**٤- بەرنامەی تایبەت:**

ئەم شێوازە بەرنامە، لە تەوەرێك پێکدێت، تیایدا هەوڵدەدرێ بابەتەکە بە قاڵبی هونەریی جیاواز، وەك دراما و گۆرانی و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و وێنە و ناونیشانی ڕۆژنامە و وێنەی ئەرشیف پێشکەش دەکرێت. کە جوڵەی هونەری بڕگەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ، جیاوازی ڕا و بۆچون و هەڵوێست دەخرێنە ڕو، سەرنج ڕاکێشان و چاوەڕوانی دروست دەکرێت، و وردەکارییەکان قوڵ دەکرێنەوە و بەراوردیان پێدەکرێ، بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتەکە بخرێتە ڕو. **(الشريف، سليم،٢٠٠٧: ١٢٠)**.

**٥-لێکۆڵینەوە:**

لەم جۆرە بەرنامەدا، بابەتەکان بە قوڵی باسیان لێوە دەکرێ، بە پشتبەستن بە شرۆڤەی دروست و بینینی کەسانی پەیوەندیدار و چونە ناو بابەتە ڕاستەقینەکە لە کات و شوێن و ئەو شتانەی پەیوەندیان پێیەوە هەیە. لێکۆڵینەوە و

بەدواداچون بۆ ساغکردنەوەی زانیارییەکان دەکات و لە ڕاستی و دروستی بابەتەکان دەکۆڵێتەوە و پرسیار بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕاستی دەخاتەڕو.(**مطشر، ٢٠٠٥: ٣١**).

## باسی دوەم: ڕای گشتی

### یەکەم: چەمك و پێناسەی ڕای گشتی:

لەڕوی زمانەوانییەوە (ڕای گشتی) لە لێکدانی دو وشە (ڕا) و (گشتی) پێکهاتوە، یەکەمیان بەمانای (بۆچون) دێت و ئەوی تریشیان بەمانای (کۆ) یان برێکی زۆر دێت. لە لێکدانی (ڕا +گشتی) ئەم چەمکە دروست بوە کە بەمانای کۆی بۆچونەکان یان کۆی ڕا کان دێت.(**زوبیان، ٢٠٠٩: ٧٠**).

ڕای گشتی گرنگییەکی زۆری هەیە لە نێو کۆمەڵدا، و ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی گرنگی زۆری پێدەدەن، بۆ فەراهەمکردنی خواستەکانی زۆرینەی جەماوەر بە خوڵقاندنی ڕای گشتی لە نێو خودی جەماوەردا، سەرەڕای گرنگی ئەم چەمکە کەچی تا ئێستا پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە لەسەر یەك پێناسەی هاوبەش کۆك نەبونە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاشخانی کەلتوری و فکری ئەوانی گرنگی بە بواری ڕای گشتی ئەدەن وە جیاوازی ڕۆڵی گەلان ڕادەی هاوبەشی کردنیانە لە سیاسەت و جیاوازی باوەڕ و ئایین و ئایدۆلۆژیایە کە کار دەکەنە سەر نەبونی پێناسەیەکی هاوبەش.(**زەلمی، ٢٠٠٩: ٣٤**).

" لەم بارەیەوە (دکتۆر سعید سراج) پێیوایە زۆربەی پێناسەکانی ڕای گشتی نیشانەیەکە بۆ بونی کۆمەڵگا، زۆربەی لێکۆڵینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکان ئەوەیان دەرخستوە، کەوا ناکرێت بە چاوێکی یەکسان و یەکگرتو سەیری کۆمەڵگا بکرێت بەڵکو لەبەر جیاوازی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژی و کەلتوریانەوە...هتد. پێکهاتەکەشیان جیاوازە و بەم جۆرە ڕای گشتی جیاوازە، بەڵام پسۆڕانی بوارەکە توانیان جیاوازی لە نێوان (زۆرینە)ی کپ و کڕ،(کەمینە)ی چالاك و بزۆك دا دابنێن کە دەتوانن تەعبیر لە ڕای خۆیان بکەن." (**رۆستی، ٢٠٠٩: ٨٢**).

لە زۆربەی کتێبەکانی زانستی کۆمەڵناسی دا ڕای گشتی (PUBLIK OPINION) بەوە پێناسەکراوە کە بریتییە لە کۆی گشتی ڕای تاکەکانی کۆمەڵگا بەرانبەر بابەتێك کە کاریگەری هەیە بۆسەر ژیانیان، بەڵام ئەوە تاکە پێناسە نییە، بەڵکو وەك هەر زانستێکی تری مرۆڤایەتی، " ڕای گشتی "یش چەندین پێناسەی جیاجیا و لە هەندێ حاڵەتدا لێك نزیکی بۆ کراوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بابەتی (ڕای گشتی) لەگەڵ زۆر مەسەلە و بواری تردا ئاوێتە دەبێت.(**عزیز، ٢٠٠٤: ٧**).

پێناسەکانیش هەڵقوڵاوی ئاستی هۆشیاری و شێوازی بیرکردنەوەی دانەرەکانیانن، ئێمە لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینەڕو:

ئاراستەیەك هەیە پێیوایە ڕای گشتی دەرئەنجامی لێکدانی ڕا فەردییەکانە لەگەڵ یەکتردا، بەڵام دەرئەنجامی کۆکردنەوەیان نییە، ئەم ڕایە هی (دبوب)ە.

هەروەها (ئالبیگ) چەند پێناسەیەکی بۆ "ڕای گشتی " کردوە کە بریتین لە:

- "ڕای گشتی" بەرهەمی پرۆسەیەکی کارلێکەری لە نێوان خەڵك بە شێوەی گروپ، بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو کە جێگەی مشتومڕیانە.
- "ڕای گشتی" تەعبیری ئەندامانی جەماوەرە سەبارەت بەو بابەتانەی کە بۆچونیان لەسەری جیاوازە.
- "ڕای گشتی" کۆمەڵێ ئاراستەیە بەسەر خەڵکدا زاڵ دەبێت بەرامبەر بە کێشەیەك و تەعبیر لەسەر ڕای زۆرینەی خەڵك بێت.(**فیاض،٢٠٠٨: ١٩**).

### دوەم: جۆرەکانی ڕای گشتی

"پسـپۆڕانی بـواری ڕای گشـتی، لە ڕیزکـردنی ڕای گشـتی دا چەنـدین جـۆر پۆلێنکردنیـان دانـاوە، بەڵام هەر هەمویـان کۆمەڵی خاڵی هاوبەشیان تێدایە کە لەسەر هێڵێکی هاوتەریب ڕێکیاندەخات. دیارترین پۆلێنکردن پێیوایە ڕای گشتی دەکرێت بە سێ جۆری سەرەکی و کۆمەڵێ جۆری لاوەکیەوە:

١ ڕای گشتی، بەپێی شوێنی بڵاوبونەوەی.
٢ ڕای گشتی، بەپێی کاتی بڵاوبونەوەی.
٣ ڕای گشتی، بەپێی دەرکەوتن و شاراوەیی.

**١-ڕای گشتی بەپێی شوێنی بڵاوبونەوەی:**

شوێنی جوگرافی و پیشە و چین و توێژ پێکهێنەری ئەم جۆرەن لە ڕای گشتی و دەبێت بەم بەشانەوە:

**ا- ڕای گشتی ناوچەیی:** ئەمە ئەو ڕا گشتیانە دەگرێتەوە کە لە سنوری وڵاتێك یان هەرێمێکی دیاریکراودا سەبارەت بە کێشەیەك دروست دەبێت. **(هانی وئەوانی تر، ٢٠١٠: ٥٥-٥٧).**

**ب - ڕای گشتی هەرێمایەتی:** زۆر جار وادەبێ چەند گەلێکی هاوسنوری یەکتر ڕایەکی گشتی هاوبەشیان سەبارەت بە ڕوداوێك دەبێ کە بەرژەوەندی هەمویانی تێدایە. نمونەی ئەم جۆرە ڕای گشتییە زۆرە و لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند نمونەیەی نزیك بدەین. کارەساتی بومەلەرزەیەکەی ساڵی ٢٠٢٣ تورکیا و سوریای گرتەوە و کارەساتێکی مرۆیی گەورەی لێکەوتەوە. وڵاتانی دراوسێی تورکیا و سوریابە هاوسۆزیەکی زۆریان بۆ گەلی تورکیاو سوریا نواند.

**پ- ڕای گشتی جیهانی:** مەبەست لە ڕای گشتی جیهانی یان نێونەتەوەییە، نەك حکومەتەکان زۆرجار کێشەیەك لە جێگەیەکی دونیادا ڕودەدات و دەبێتە مایەی گرنگیپێدانی ڕای گشتی جیهانی. بە زۆری ئەم جۆرە ڕایە بۆ پشتیوانی مافی مرۆڤ و دژایەتیکردنی شەڕو پێکدادانە، هەرچەندە هەندێ جار کێشەیەکی وەك پیس بونی ژینگە و ڕای گشتی دروست دەکەن . **(سامي، ٢٠٠١: ٢٦).**

**٢- ڕای گشتی بەپێی کاتی بڵاوبونەوەی:**

ڕای گشتی بەپێی بەردەوامی و کاتی بڵاوکردنەوەی دەکرێت بەم بەشانەوە:

**ا - ڕای گشتی هەمیشەیی:** بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم جۆرە ڕای گشتییە پەیوەستە بە کێشە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانەوە و کار لە ژیانی سیاسی و ڕگەیاندنەکان دەکات. دەکرێ وەك نمونە باس لە کێشەی ئەنفالکراوەکان وکەرکوك بکرێت کە دەچنە چوارچێوەی ئەم جۆرە ڕای گشتیەوە. ئەم جۆرە ڕای گشتییە تاکو چارەسەرکردنی یەکجاری کێشەکە بەردەوامی دەبێ.

**ب - ڕای گشتی کاتی:** لە ئەنجامی دەرکەوتنی کێشە یان ڕوداوێکی لەناکاو جۆرێك لە ڕای گشتی دروست دەبێ کە بە چارەسەر بون یان نەمانی کاریگەری کێشە و ڕوداوەکە ئەو جۆرە ڕایەش کۆتایی پێدێت. **(جلال، ٢٠٠٢: ٣٥).**

**پ - ڕای گشتی ڕۆژانە:**ڕایەکی گۆڕاو و بزۆکە و پەیوەستە بە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییە گۆڕاوەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی لە دروستبونی دا دەگێڕن.

**٣- ڕای گشتی بەپێی دەرکەوتن و شاراوەیی:**

ئەم جۆرە ڕای گشتییە دەبێت بە دو بەشەوە کە بریتین لە:

**ا - ڕای گشتی ئاشکرا:** بریتییە لەو ڕایەی کە خەڵك بەبێ هیچ سانسۆر و ترس ودڵە ڕاوکێیەك بە شێوەیەك لە شێوەیەك دەریدەبڕن و زیاتر لەو وڵاتانەدا باوە کە دیموکراسی و ئازادی ڕا دەربڕین بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵگا دابینکراوە.

**ب- ڕای گشتی شاراوە:** لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و عەرەبیەکاندا سیستەمی حوکمی تاك ڕەوی و تۆتالیتاری فەرمانڕەوایە و گەلانی ئەو وڵاتانە لە مافی دەربڕینی ڕای خۆیان بێبەش کراون. بۆیە ئەو ڕایە لە ناخیاندا پەنگ دەخواتەوە و وەك ڕایەکی گشتی شاراوە دەمێنێتەوە تاکو بوارێکی بۆ دەرەخسێت بۆ دەربڕین وەك.**(عزيز،٢٠٠٤: ١٣،١٤).**

## سێیەم: ڕۆڵی تەلەفزیۆن لەدروستکردنی ڕای گشتیدا:

مەسەلەی ڕۆڵی تەلەفزیۆن لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی، بەلای تیۆریزانەکانی ڕۆژئاواوە زۆر گەورەترە لە کاریگەری کەناڵێکی ڕاگەیاندن و بەس.

ئەمڕۆ تەلەفزیۆن، بەشی هەرەزۆری کاتی بێ ئیشی۔ گەورە و بچوکی خێزانەکانی پڕ کردۆتەوە، تەماشا کردنی تەلەفزیۆن چالاکییەکی هەرزان و کەم خەرجە و لە هەمان کاتدا کاریگەری ئینفیعالییە و بە درێژایی تەماشاکردن، بینەر بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە کەمەنکێکشی۔ بەرنامەکان دەبێت*(جیری ماندر) پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن لەم بارەوە دەڵێت: (هێرشی تەلەفزیۆن بۆ سەر مێشکی مرۆڤ بۆتە هۆی گۆڕینی ڕەفتارەکانیان، مرۆڤ هەردەم باوەڕ بەو وێنانە زیاتر دەکات کە لەم کەناڵەوە دەستی دەکەوێت و هەر بۆیە تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر واقیع لە دەست دەدات و لە بەرهەمهێنان دەکەوێت).**(سامی، ٢٠٠١: ٤٧)**.

نزیکترین نمونە لەسەر کاریگەری وێنەکانی تەلەفزیۆن لەسەر " ڕای گشتی " ئەو وێنانە بون کە لە تەلەفزیۆنی (cbs) پیشانیدا و تێیدا دیلە عێراقییەکان لە لایەن هەندێك لە سەربازە ئەمریکی یەکانەوە بەشێوەیەکی دور لە ڕەوشت سوکایەتیان پێکرابو. بڵاوبونەوەی ئەو وێنانە پێش وروژاندنی ڕای گشتی جیهان، ڕای گشتی ئەمریکەکانی هەژاند و کار گەیشتە ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا ناچار بو چەندین جار لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن داوای لێبوردن بکات.**(آبراهیم، ٢٠٠٩: ٢٧)**.

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## خستنەڕوی دەرئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی

### یەکەم: تایبەتمەندی سامپلی توێژینەوە

### - تایبەتمەندی دیمۆگرافی

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕو، کە تایبەتە بە تایبەتمەندی دیمۆگرافی نوسەران (ڕەگەز و تەمەن و بڕوانامە) بەپێی خشتەکە دەردەکەوێت کە، ڕەگەزی بەتوێژان بە پلەی یەکەم ڕەگەزی نێرە و ڕێژەکەی دەگاتە (٧٧٪)، بە پلەی دوەم ڕەگەزی مێیە ڕێژەکەی دەگاتە (٢٢.٩٥٪)، تەمەنی نوسەران بە پلەی یەکەم (٣٨-٤٢ بنساڵ) ڕێژەکەی دەگاتە (٢٩.٥٪)، ئاستی خوێندنیان بە پلەی یەکەم بەکالۆریۆسیان هەیەو و ڕێژەکەی دەگاتە (٤٦٪). وەك لە خشتەکەدا ڕون دەبێتەوە زۆرینەی نوسەران لە ڕەگەزی نێرن و بە ڕێژەی یەکەم ئاستی خوێندنیان بڕوانامەی بەکالۆریۆسە و تەمەنی نوسەرانیش زۆرترینیان لە نێوان (٤٠-٤٥) ساڵدایەو پلەی یەکەمیان وەرگرتوە بە بەراورد بە ڕێژەکانی تر.

**خشتەی (١)**

تایبەتمەندی دیمۆگرافی نوسەران

| ژمارە | تایبەتمەندی دیمۆگرافی | | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەز | نێر | ٤٧ | ٧٧٪ | ١ |
| | | مێ | ١٤ | ٢٢.٩٥٪ | ٢ |
| | | کۆ | ٦١ | ١٠٠٪ | |
| | | ١٨-٢٢ ساڵ | ١ | ١.٥٪ | ٦ |
| | | ٢٣-٢٧ ساڵ | ٤ | ٦.٥٪ | ٥ |
| | | ٢٨-٣٢ ساڵ | ٨ | ١٣٪ | ٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ٣٣-٣٧ ساڵ | ٦ | ١٠٪ | ٤ |
| | | ٣٨-٤٢ ساڵ | ١٨ | ٢٩.٥٪ | ١ |
| | | ٤٣-٤٧ ساڵ | ١٦ | ٢٦٪ | ٢ |
| | | ٤٨ساڵ بەرەوژور | ٨ | ٪١٣ | ٣ |
| | | کۆ | ٦١ | ٪١٠٠ | |
| ٣ | ئاستی خوێندن | ئامادەیی | ١٦ | ٪٢٦ | ٢ |
| | | دبلۆمی هونەری | ٥ | ٪٩ | ٤ |
| | | بەکالۆریۆس | ٢٨ | ٪٤٦ | ١ |
| | | دبلۆم باڵا | ٣ | ٪٥ | ٥ |
| | | ماستەر | ٧ | ٪١١ | ٣ |
| | | دکتۆرا | ٢ | ٪٣ | ٦ |
| | | کۆ | ٦١ | ٪١٠٠ | |

**دووەم: زانیاری تایبەت بە کەناڵی عێراقەی کوردی و ڕای گشتی**

**١- ڕادەی بینەری کەناڵی عێراقییە لای سامپڵی توێژینەوە:**

وەك لە خشتەی ژمارە (٢) کە تایبەتە بە ڕادەی بینینی کەناڵی عێراقیەی کوردی لای سامپڵی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە، بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی(٣٧) و وەڵامەکەیان بە هەندێکجار کە ڕێژەکەی لە (٦٠،٥٪) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (٢١)و بە ڕێژەی لە(٣٤،٥٪) وەڵامەکەیان بەڵێیە، پلەی سێیەم کە نەخێرە بە چەندبارەی (٣) و بە ڕێژەی لە (٥٪) دێت. بۆمان دەردەکەوێت کە بەرتوێژانی توێژینەوەکە هەندێك جار بینەری کەناڵی عێراقیەن و پلەی یەکەمی وەرگرتوە واتە بە شێوەیەکی بەردەوام بینەری کەناڵەکە نین.

**خشتەی (٢)**

بینەری کەناڵی عێراقییەی کوردی لای نوسەران

| بەشدارەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٢١ | ٣٤.٥٪ | ٢ |
| نەخێر | ٣ | ٪٥ | ٣ |
| هەندێک جار | ٣٧ | ٦٠.٦٥٪ | ١ |
| کۆ | ٦١ | ٪١٠٠ | |

٢-پشت بەستنی نوسەران بە کەناڵی عێراقیەی کوردی بۆ دەست کەوتنی هەواڵ و زانیاری:

خشتەی ژمارە (٣) پشت بەستنی نوسەران بە کەناڵی عێراقیەی کوردی بۆ دەست کەوتنی هەواڵ زانیاری دەردەخات، وەك لە خشتەی ژمارە (٢) کە تایبەتە بە ڕادەی بینینی کەناڵی عێراقیەی کوردی لای سامپڵی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە، بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی(٣٢) و وەڵامەکەیان تاڕادەیەکە کە ڕێژەکەی لە (٥٥.١٧٪) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (١٨)و بە ڕێژەی لە(٣١.٠٣٪) وەڵامەکەیان کەمە، پلەی سێیەم کە زۆرە بە چەندبارەی (٨) و بە

ڕێژەی لە (١٣.٧٩ ٪) دێت. بەرتوێژان ژمارەیەکی کەم پشت بە کەناڵی عێراقیە دەبستن بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری کە ئەمەش دەبێتە خاڵێکی لاواز بۆ کەناڵەکە کە بینەری کوردی کەمتر پشت دەبەستێت بە کەناڵی عێراقیەی کوردی بینەری کورد لەدەست دەدات.

**خشتەی (٣)**

پشت بەستنی نوسەران بە کەناڵی عێراقیەی کوردی بۆ دەستکەوتنی زانیاری ڕون دەکاتەوە

| بەشدارەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٨ | ٧٩٪.١٣ | ٣ |
| کەم | ١٨ | ٣١.٠٣٪ | ٢ |
| تارادەیەک | ٣٢ | ٥٥.١٧٪ | ١ |
| کۆ | ٥٨ | ١٠٠ | |

٣-بینەربونی نوسەران بە بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی.

خشتەی ژمارە (٤) بینەربونی نوسەران بە بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی ڕون دەکاتەوە وەك دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی(٣٤) و وەڵامەکەیان هەندێک جارە کە ڕێژەکەی لە (٦٢،٥٨ ٪) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (٢١)و بە ڕێژەی لە(٣٦.٢٠ ٪) وەڵامەکەیان بەڵێیە، پلەی سێیەم وەڵامی نەخێر بە چەندبارەی (٣) و بە ڕێژەی لە (٥.١٧ ٪) دێت. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا وەڵامی هەندێکجار ریزبەندی یەکەمی وەرگرتوە کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە،زۆر لە نوسەران بە ڕێژەیەکی باش بینەری بەرنامە هەواڵییەکانن، هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشتردا بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری بە ڕادەیەکی مامناوەند پشت دەبستن بەم کەناڵە.

**خشتەی (٤)**

بینەری بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٢١ | ٣٦.٢٠٪ | ٢ |
| نەخێر | ٣ | ٥.١٧٪ | ٣ |
| هەندێک جار | ٣٤ | ٥٨.٦٢٪ | ١ |
| کۆ | ٥٨ | ٪١٠٠ | |

٤- ژمارەی کاتژمێری بینەری بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی.

وەك لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت کە ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە نوسەران بینەری بەرنامە هەواڵییەکانن ڕون دەبێتەوە کە، بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی(٣٣) و وەڵامەکەیان یەک کاتژمێرە کە ڕێژەکەی لە (٦٠ ٪) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (١٨)و بە ڕێژەی لە(٣٢.٧٢ ٪) وەڵامەکەیان نیو کاتژمێرە، پلەی سێیەم کە زیاتر لە یەک کاتژمێرە بە چەندبارەی (٤) و بە ڕێژەی لە (٧.٢٧ ٪) دێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نوسەرانی کورد بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بینەری بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردین کە ئەمەش ڕێژیەکی تارادەیەك باشە لەبەرئەوەی بینەری بەرنامە هەواڵییەکانی تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی گشتی کەم بۆتەوە بە هۆی سۆشیال میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**خشتەی (٥)**

ژمارەی کاتژمێر بۆ بینینی بەرنامە هەواڵییەکان

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی | |
|---|---|---|---|---|
| نیو کات ژمێر | ١٨ | ٣٢.٧٢٪ | ٢ | |
| یەك کات ژمێر | ٣٣ | ٪٦٠ | ١ | |
| زیاتر لە یەك کاتژمێر | ٤ | ٧.٢٧٪ | ٣ | ٥ |
| کۆ | ٥٥ | ١٠٠ | | |

-ئاستی خواست و پێداویستی نوسەران بۆ بەرنامە هەواڵییەکانی عێراقیەی کوردی:

خشتەی ژمارە (٦) ئاستی خواست و پێداویستی نوسەران لە زانیاری و ڕوداوەکان بۆ بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی دەردەخات، وەك دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی(٣٣) و وەڵامەکەیان تاڕادەیەکە کە ڕێژەکەی لە (٦٠٪) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (١٥)و بە ڕێژەی لە(٢٧.٢٧٪) وەڵامەکەیان کەمە، پلەی سێیەم کە زۆرە بە چەندبارەی (٧) و بە ڕێژەی لە (١٢.٧٢٪) دێت. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی تا چی ڕادەیەك بەرنامە هەواڵییەکانی عێراقیەی کوردی لە ئاستی خواست و پێداویستی نوسەران دایە بە ڕێژەی یەکەم تا ڕادەیەك لە ئاستی خواست و پێداویستی نوسەراندایە. ئەمەش ڕێژەیەکی باشە بە بەراورد بەو ماوە کەمەی بینەری کەناڵەکەن و بەو ڕێژەی بینەری ئەم کەناڵەن.

**خشتەی(٦)**

ڕادەی خواستی نوسەران بۆ بەرنامەهەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٧ | ١٢.٧٢٪ | ٣ |
| کەم | ١٥ | ٢٧.٢٧٪ | ٢ |
| تاڕادەیەک | ٣٣ | ٦٠٪ | ١ |
| کۆ | ٥٥ | ١٠٠ | |

٦-گونجاوی ئەو میوانانەی کە بانگێشتەدەکرێن بۆ بەرنامە هەواڵییەکان لەگەڵ پرس و ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان:

خشتەی ژمارە (٧) گونجاوی میوانەکانی بەرنامە هەواڵییەکان لەگەڵ پرس و بابەتەکان دەردەخات، زانیارییەکانی ئەم خشتەیە ئەوە پیشان دەدات کە بە پلەی یەکەم و بە چەندبارەی(٢٩) و وەڵامەکەیان بە تاڕادەیەکە کە ڕێژەکەی لە (٥٢.٧٢٪) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (٢١)و بە ڕێژەی لە (٣٨.١٨٪) وەڵامەکەیان زۆرە، پلەی سێیەم کە کەمە بە چەندبارەی (٥) و بە ڕێژەی لە (٩.٠٩٪) دێت. لێرەوە دەردەکەوێت کە تارادەیەك میوانەکانی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیە گونجاوە لەگەڵ پرس و بابەتی بەرنامەکاندا. ئەمەش دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ کەناڵی عێراقیەی کوردی.

**خشتەی (٧)**

گونجاوی میوانی بەرنامە هەواڵییەکان لەگەڵ پرس و بابەتەکانی هەرێمی کوردستان.

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٢١ | ٣٨.١٨٪ | ٢ |
| کەم | ٥ | ٩.٠٩٪ | ٣ |
| تاڕادەیەک | ٢٩ | ٥٢.٧٢٪ | ١ |
| کۆ | ٥٥ | ٪١٠٠ | |

٧-رادەی گرنگی پێدانی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی به ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان:

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٨) ڕادەی گرنگی دانی بەرنامە هەواڵییەکان بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان پیشان دەدات، دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم بە چەندبارەی(٣١) و وەڵامەکەیان بە کەمە کە ڕێژەکەی لە (٥٦.٣٦٪) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (١٩)و بە ڕێژەی لە(٣٤.٥٤٪) وەڵامەکەیان تاڕادەیەکە، پلەی سێیەم کە زۆرە بە چەندبارەی (٥) و بە ڕێژەی لە (٩.٠٩٪) دێت. لەگەڵ ئەوەی کەناڵی عێراقیەی کوردی کەناڵێکی کوردییە، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم گرنگی داوە بە ڕوداوە جیاوازەکانی هەرێکی کوردستان کە دەکرا زیاتر گرنگی بدات بەو ڕوداو بابەتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیانەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێن.

**خشتەی (٨)**

گرنگی پێدانی بەرنامە هەواڵییەکان بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٥ | ٩.٠٩٪ | ٣ |
| کەم | ٣١ | ٥٦.٣٦٪ | ١ |
| تاڕادەیەک | ١٩ | ٣٤.٥٤٪ | ٢ |
| کۆ | ٥٥ | ١٠٠ | |

٨-گرنگی پێدان بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان:

وەك لە خشتەی ژمارە (٩) دا دەردەکەوێت کە باس لە گرنگیپێدانی کەناڵی عێراقیە دەکات بۆ ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان کە تا چی ڕادەیەك لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانە یان لە بەرژەوەندی عێراقە، وەك لە زانیارییەکانی خشتەکەدا ڕونبۆتەوە بە پلەی یەکەم بە چەندبارەی (٣٠) وەڵامەکەیان کەمە، کە ڕێژەکەی لە (٪٥٤.٥٤) و پلەی دوەم بە چەندبارەی (١٧)و بە ڕێژەی لە(٣٠.٩٠٪) وەڵامەکەیان تاڕادەیەکە، پلەی سێیەم کەزۆرە بە چەندبارەی(٨) و بە ڕێژەی لە (١٤.٥٤٪) دێت. وەك لە وەڵامی پرسیارەکەوە ڕونە کە بە ڕای بەرتوێژان گرنگی پێدانی کەناڵی عێراقیە بۆ ڕوداوەکانی عێرا ق لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نییە بەڵکو زیاتر لە بەرژەوەندی ناوچەکانی تری عێراقە.

**خشتەی (٩)**
گرنگی پێدان بە ڕوداوەکان بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٨ | ١٤.٥٤٪ | ٣ |
| کەم | ٣٠ | ٥٤.٥٤٪ | ١ |
| تاڕادەیەک | ١٧ | ٣٠.٩٠٪ | ٢ |
| کۆ | ٥٥ | ٪١٠٠ | |

٩-کاریگەری بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لەسەر حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان:
زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (١٠) ڕادەی کاریگەری بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لەسەر یەك ڕیزی حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات، وەك دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم بە چەندبارەی (٤١) و بە ڕێژەی (٧٤.٥٤٪) وەڵامەکەیان کەمە، و پلەی دوەم تاڕادەیەک دێت بە چەندبارەی (١١) و بە ڕێژەی (٢٠٪) هەرچی پلەی سێیەمە کە زۆرە بە چەندبارەی (٣) و بە ڕێژەی (٥.٤٥٪)ە. کاریگەری بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لە یەك ڕیزی حیزبە سیاسەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەکی کەمە لەبەرئەوەی لە بنەمادا بەرنامە هەواڵییەکانی لەسەر ڕوداوەکانی هە رێمی کودرستان نییە لەبەر ئەوە نەیتوانیوە لە ڕوی سیاسیەوە کاریگەری دروست بکات.

**خشتەی (١٠)**
کاریگەری بەرنامە هەواڵییەکان لەسەر یەکریزی حیزبە سیاسییەکان

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٣ | ٥.٤٥٪ | ٣ |
| کەم | ٤١ | ٧٤.٥٤٪ | ١ |
| تاڕادەیەک | ١١ | ٢٠٪ | ٢ |
| کۆ | ٥٥ | ١٠٠ | |

١٠- ڕۆڵی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی لە دروستکردنی ڕای گشتی لە سەر ڕوداوەکان بە تایبەت پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.
خشتەی ژمارە (١١) ئەوە ڕون دەکاتەوە کە بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی ڕۆڵی هەبوە لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت بۆ پرسە سیاسیەکان، دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم وەڵامەکەیان کەمە و بە چەند بارەی (39) و بە ڕێژەی (70.90٪)ە و، پلەی دوەم وەڵامەکەیان تاڕادەیەکە و بە چەند بارەی (12) و بەڕێژەی (21.81٪) و، پلەی سێیەمیش وەڵامەکەیان زۆرە و بە چەند بارەی (4) و بەڕێژەی (7.27٪).وەك دەردەکەوێت بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی کەناڵی عێراقیەی کوردی نەیتوانیوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە دروستکردنی ڕای گشتی لە سەر پرس و بابەتەکانی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت پرسە

سیاسیەکان، لەبەر ئەوەی زۆر بایەخ نەدراوە بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ڕۆڵی نییە لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا.

**خشتەی (١١)**

ڕۆڵی بەرنامە هەواڵییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتی دا

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٤ | ٧.٢٧٪ | ٣ |
| کەم | ٣٩ | ٧٠.٩٠٪ | ١ |
| تاڕادەیەک | ١٢ | ٢١.٨١٪ | ٢ |
| کۆ | ٥٥ | ١٠٠ | |

١١- ئاستی گرنگی پێدانی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی بۆ ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم ناوچەکانی هەرێم وەك یەکن:

خشتەی ژمارە (١٢) ئاستی جیاوازی گرنگی پێدانی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی بۆ ڕوداوەکانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ڕون دەکاتەوە و دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم وەڵامەکەیان نەخێرە و بە چەندبارەی (٢٩) و بەرێژەی (٥٢.٧٢٪) و، پلەی دوم وەڵامەکەیان هەندێکجارەو بە چەندبارەی (١٦) و بەرێژەی (٢٩.٠٩٪)ە و، پلەی سێیەم وەڵامەکەیان بەڵێ یەو بە چەندبارەی (١٠)و بە ڕێژەی (١٨.١٨٪). وەك لە خشتەی ژمارە (٨) ئاماژە کرا بە ڕادەی گرنگی کەناڵی عێراقیەی بۆ ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان، لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە ڕادەی گرنگی پێدان بۆ ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی جیاکاری کراوە لە ناوچەکانیدا و بە ڕای زۆرینەی بەرتوێژان ئەو جیاکاریە بەپێی و جۆری ڕوداوەکانی ناوچەکان دەبینن و زۆرینەی پێ ی وایە کە نەخێر وەك یەك گرنگی نەدراوە بە ڕوداوەکانی سەرجەم ناوچە و شارەکانی هەرێمی کوردستان.

**خشتەی (١٢)**

ئاستی جیاوازی گرنگی پێدانی کەناڵی عێراقیە بۆ ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان

| بژاردەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠ | ١٨.١٨٪ | ٣ |
| نەخێر | ٢٩ | ٥٢.٧٢٪ | ١ |
| هەندێک جار | ١٦ | ٢٩.٠٩٪ | ٢ |
| کۆ | ٥٥ | ١٠٠ | |

## دەرئەنجام:

١- کەناڵی عێراقیەی کوردی لە ڕێگەی بەرنامە هەواڵییەکانییەوە بە ڕێژەیەکی کەم گرنگی داوە بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە نەبۆتە کەناڵێکی کاریگەر لە دروستکردنی ڕای گشتیدا.

٢- تـوێژەران گەیشـتونەتە ئەو دەرئەنجـامەی لەبەر ئەوەی بیـنەری کەنـاڵی عێراقـیەی کـوردی زۆر نیـیە لەبەر ئەوە نەیتوانیوە لە ڕێگەی بەرنامە هەواڵییەکانییەوە کار لە سەر ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان بکات و ڕای گشتی لەسەر دروست بکات.

٣- لەگەڵ ئەوەی کەنـاڵی عێراقـیەی کـوردی کەنـاڵێکی کـوردیە بەڵام بە ڕێـژەیەکی زۆر کەم گـرنگی داوە بە ڕووداوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردسـتان کە دەکـرا زیـاتر گـرنگی بـدات بەو ڕوداو بـابەتە سـیاسی و ئـابوری و کـۆمەڵایەتی و تەندروستیانەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێن.

١- کاتی تەماشاکردنی نوسـەران بـۆ بەرنامە هەواڵییەکانی عێراقیەی کوردی کەمترە لە نیو کاتژمێر لەبەر ئەوەی بەرنامە هەوالیەکانی گرنگیەکی زۆری نییە لەبەر ئەوە بینەرێکی زۆری نییە کە کاتێکی زۆر بە دیاریەوە بمێنتەوەو سەرنجی بینەر ڕاناکێشێت کە کاتێکی زیاتر تەرخان بکەن بۆ ڕوداوەکانی بەرنامە هەواڵییەکان.

٢- بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵی عێراقیەی کوردی نەیتوانیوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە دروستکردنی ڕای گشتی لە سەر پرس و بابەتەکانی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت پرسە سیاسیەکان، لەبەر ئەوەی زۆر بایەخ نەدراوە بە ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ڕۆڵی نییە لە پێکهێنانی ڕای گشتی دا.

٣- بەرنـامە هەواڵییەکانی کەنـاڵی عێراقـیەی کـوردی جیـاوازی کـردوە لە ڕومـاڵی ڕوداوەکـانی نـاوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردسـتان زۆریـنەی جـار ئەو جیـاوازیە بە ئاشـکرا دەبنرێـت لە بەرنـامە هەواڵییەکانـدا گـرنگی داوە بە ڕوداوەکانی نـاوچەیەکی دیـاری کـراو و نـاوچەگەرێتی بە ڕونی دیـارە، لەبەر ئەوە نەیتوانیـوە ڕای گشـتی لەسـەر ڕوداوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکات و ڕایەکی گشتی کاریگەری هەرێمی دروست بکات لەسەر ڕوداوەکان.

## پێشنیار:

١- پێشنیارمان بۆ توێژەران ئەوەیە زیاتر گرنگ بە بابەتی ڕای گشتی بدەن و توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەنجام بدەن بە تایبەت لە سەرجەم پرس و بابەت و ڕوداوە سیاسی و ئابوری و تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- پێشـنیار بـۆ کەنـاڵی عێراقـیەی کـوردی زیـاتر گـرنگی بە بەرنـامە هەواڵییەکـان بـدەن چـونکە بەرهەمێکی گـرنگی تەلەفزیۆنییەوە بینەران بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر پشتی پێ دەبەستن.

٣- کەناڵی عێراقیەی کوردی بە بێ جیاوازی ناوچەیی گرنگی بە سـەرجەم ڕوداوەکانی هەرێمی کوردسـتان بـدات تـا بتوانێـت ببێـتە کەنـاڵێکی کـاریگەر و ڕۆڵی هەبێـت لە دروسـتکردنی ڕای گشـتی لەسـەر ڕوداوە جۆراوجۆرەکـانی هەرێمی کوردستان.

٤- پێشـنیارمان بـۆ بەرنـامە هەواڵییەکانی عێراقـیەی کـوردی، کە زیـاتر گـرنگی بەو میوانـانە بـدەن کە بانگێشـتی بەرنامەکە ئەکرێن، کە زیاتر لەگەڵ پرس و بابەتەکاندا یەك دەگرنەوە تاکو بەرنامەکە زیاتر جێی گرنگی بینەران بێت.

## ڕاسپاردە:

١. سـود وەرگرتنی دەزگاکانی ڕاگەیانـدن لە توێژینەوەکانی توێژەران تـاوەکو زیاتر بەرەوپێش بچـن و دەرفەت برەخسـێنن کە توێژینەوەی هاوشێوە و زیاتر بکرێت لەسەر کەناڵەکانیان تاوەکو هەر کەموکوڕیەك هەبێت چاکی بکەن.

٢. ئەنجامـدانی تـوێژینەوەی زانسـتی زیـاتر لە بـواری ڕای گشـتی نەك تەنهـا بـۆ بـابەتی هەواڵ بەڵکـو لەسـەرجەم بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکاندا توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت.

٣. کەنـاڵی عێراقـیەی کـوردی زیـار گـرنگی بە بەرنـامە هەواڵییەکـان بـدات و ڕوداوە جیاوازەکانی هەرێـمی کوردسـتان بێ جیـاوازی ڕومـاڵ بکات تـاکو ئەوکەنـاڵە ببێتە کەنلێك ڕۆڵی هەبێـت لە دروسـتکردنی ڕای گشـتی دا و ببێـتە جـێگەی متمانەی بینەران

## سەرچاوەکان

إبراهيم، عبدالخالق (٢٠٠٩) ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دروستبونی بڕیاری سیاسیدا، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر .
جراد، چۆلی ئەسعەد (٢٠٢٠) تەلەفزیۆن هەوال و پرۆگرامی هەوالی، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
جراد، چۆلی ئەسعەد (٢٠١٨)تەلەفزیۆن..هونەری نوسین و پێشکەشکردن، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
جەلال، سامان (٢٠١٨) هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆن..ڕادیۆ.. ڕژنامە.. میدیای ئەلیکترۆنی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
سامان، جەلال (٢٠٠٢) ڕۆڵی ڕۆژنامە لە خوڵقاندنی ڕای گشتی خوێندکاران، سلێمانی.
حەمیدی، عاصف (٢٠١٠) کارکردن لە تەلەفزیۆندا، و:حەکیم عوسمان، دەزگای چاپ و پەخش سەردەم، سلێمانی.
ڕۆستی، نەجات(٢٠٠٩) میدیای هەواڵ وڕای گشتی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
زوبیان، سامی (٢٠٠٩) دەروازەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن، و: هاوژین عومەر، چاپخانەی خانی، دهۆك.
زەلمی، ئیبراهیم حاجی (٢٠٠٩) لەمپەرەکانی بەردەم دروست بونی ڕایگشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، چاپخانەی سلێمانی، سلێمانی.
عبدالرحمان، عەلی (٢٠١٣) هونەری کارامەیی و کارکردن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
عزیز، مەجید ساڵح (٢٠٠٤) بنەما تیۆریەکانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن، هەولێر.
فیاض، عامرحسن (٢٠٠٨) ڕای گشتی، و: ئاکۆ فاتیح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
هانی، الرەزانی، ڕامز، عەمار (٢٠١٠) ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن، و: ئەحمەد سەلام، بغداد.
الجميلي، عظيم كامل، العاني، ثناء اسماعيل (٢٠١٢) صناعة الاخبار الصحيفة والتلفزيونية، دار الصادق الثقافة للطبع النشر والتوزيع، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان.
الحسيني، اميرة (٢٠٠٥) فن الكتاب الاذاعة والتلفزيون، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان.
الشريف، سامي، سليم، عصام نصر (٢٠٠٧) الاخراج الاذاعي والتلفزيوني، جميع حقوق الطبع محفوظة للمركز.
جرجس، ميلاد الفي (٢٠١٩) الاذاعة والتلفزيۆن كظاهرة عالمية، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.
سامي، عبدالمنعم (٢٠٠١) الرأى العام و والآشاعة، الدرا البيضاء، بيروت- لبنان.
شلبي، كرم (٢٠١٠) فن التكابة للراديو التلفزيون، دار الشروق جدة، دار ومكتبة الهلال، بيروت.
شلبي،كرم (٢٠١٠) الانتاج التلفزيوني وفنون الاخراج، دار الشوق جدة النشر والتوزيع، دار ومكتبة الهلال، بيروت – لبنان.
شنب، حسين ابو، سعد، حسين (٢٠١٦) انتاج المواد الاعلامية، سلسلة الدراسات الاعلامية، فلسطين.
مطشر، سعد (٢٠٠٥) المضامين و الاشكال الفنية للبرامج التلفزيونية في تلفزيون العراق والتلفزيون العربي السوري، بغداد.
زودة، مبارك (٢٠١٢) دور الإعلام الاجتماعي في صناعة الرأي العام الثورة التونسية أنموذجا، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە لە زانکۆی الحاج لخضر- باتنە- كلية العلوم الانسانية –قسم علوم الاعلام والاتصال.
السلام، يـويي (٢٠٢٢) الاخبار الزائفة و تأثيرها في تشكيل الرأي العام لدى طلبة الجامعة-طلبة جامعة أدرار-أنموذجا ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە لە زانکۆی أحمد دراية- أدرار/ كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية والعلوم الاسلامية /قسم العلوم الانسانية
فياض، علي عباس(٢٠٢٢) دور القنوات الفضائية الإخبارية في تشكيل اتجاهات الرأي العام العراقي نحو قضايا الصراع) تێزی دکتۆرایە لە زانکۆی القاهرة /كلية الاعلام- قسم الإذاعةوالتلفزيون) لە قاهرە ئەنجامدراوە، لە گۆڤاری (اتحاد الجامعات العربية لبحوث الاعلام وتكنولوجيا الاتصال)، لە ژمارە (٩) بەرگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

[١] پ.ی.د یوهان عثمان حسین، ڕاگەیاندن - تەلەفزیۆن، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
پ.ی.د. لانە صابر سعید، ڕاگەیاندن- پەیوەندیە گشتیەکان، ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن، پ.ی. د. کاروان محمد، ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن، ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن.